# ڕەنگدانەوەی چەمکی هیومانیزم لە چیرۆکی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

**ID No. 190**

(PP 195 - 207)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.3.12

**ڕێزان محمد غفور**
بەشی کوردی / کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
rezan.ghafour@gmail.com

**هیمداد حوسێن بەکر**
بەشی کوردی / کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
Hemdad.bakir@su.edu.krd

**وەرگرتن : 2022/02/10**

**پەسندکردن : 2022/03/30**

**بڵاوکردنەوە : 2022/06/28**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی چەمکی هیومانیزم لە چیرۆکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە)ە ، پێکهاتووە لە دوو بەش، بەشی یەکەم: چەمک و زاراوە و پێناسە قۆناغەکانی سەرهەڵدانی هیومانیزم ڕێنما و خاسیەتەکانی هیومانزیمە، بەشی دووەمیش: زیاتر پراکتیزە کردنی ڕەهەندەکانی هیومانیزمە لە چیرۆکی چیرۆکنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وە میتۆدی مێژوویی و وەسفی و شیکاریمان بەکارهێناوە.

**کلیلە وشەکان:** هیومانیزم، چیرۆکی کوردی، چیرۆکنووسانی ڕۆژهەڵات.

## پێشەکی

چیرۆکی هیچ چیرۆکنووسێک بێبەری نیە لە لایەنی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی، چونکە ئەدەب هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لە بیر و بۆچوون و هەست و سۆز و هەڵچوون و ئاواتەکانی مرۆڤ.

مرۆڤدۆستیش گەلێک مانای جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت هەر لە هەستەکانی خۆشەویستی و لێبوردەیی و ئاشتەوایی و بەزەیی و هاوڕێیەتی و ئازادی و سەربەستی و...هتد.

کاتێک چیرۆکنووس پەنا بۆ ئەم بنەمایانە دەبات و چیرۆکەکانی خۆی پێدەڕازێنێتەوە ئەمە وادەکات زیاتر ئەم بیرە هیومانیستیانە لەناو کۆمەڵدا بڵاوببنەوە و خۆشەویست ببن، چونکە چیرۆک باسی کێشەکانی ژیان دەکات، بگرە ئاوێتەی ژیانی مرۆڤە، ژیانی مرۆڤیش پڕە لە کێشەی زوڵم و زۆرداری و هەژاری و ...هتد، یاخود پێویستی بە ئازادی و لێبوردەیی و خۆشەویستی و برایەتی هەیە. ئەم بنەمایانەش لەناو چیرۆکەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، چونکە چیرۆکەکان باسی ژیانی مرۆڤن. ژیانی مرۆڤیش پێکهاتووە لە دوو لایەن (خۆشی و ناخۆشی).

کۆمەڵگەی کوردیش لەبەر نەبوونی قەوارەی سەربەخۆ و دەوڵەت بە درێژایی مێژوو زوڵمی لێکراوە و چەوسێنراوەتەوە و ژێردەستە بووە و هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەن دوژمنان دراوە، کە ئەمەش بەزەقی لە بەرهەمی نووسەراندا ڕەنگی داوەتەوە.

چیرۆکنووسان هەوڵیان داوە باسی یەکە بە یەکەی ئەم کێشانە بکەن کە دووچاری تاکی کورد بوونەتەوە چ لەسەر ئاستی تاکەکەسی یاخود ئاستی بەکۆمەڵ. ئێمەش لێرەدا هەوڵمان داوە باسی ڕەنگدانەوەی هیومانیزم بکەین لە بەرهەمی چیرۆکنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## 1- چەمک و زاراوەو مێژووی هیومانیزم

هیومانیزم وەک دونیایەکی گشتی کاریگەری و ئەزموونی گەورەی بەسەر جیهان و دەوروبەریدا هەیە، کە تێکەڵ بە هەموو بوارەکانی کۆمەڵناسی و ئەدەبیات و سیاسەت و هونەر و هەموو ژانرەکانی تری وەک: میوزیک و شانۆ و هونەر و ئەدەب بووە، بەدڵنیاییەوە فیکرەی هیومانیزم ڕیشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە و پێگەیەکی بەهێزی لە مێژووی فیکری مرۆڤایەتی دا هەیە. (چەمکی زاراوەی هیومانیزم لە ووشەی "Humanitis"ی لاتینیەوە هاتووە کە مانای مرۆڤی دەگەیەنێت، "هیومانێت"یش لە

"Humanus"ەوە هاتووە کە مانای مرۆیی بوون دەگەیەنێت. لە زمانی ئینگلیزیش "Humanist"ی بۆ بەکارهاتووە یاخود "Humanitat"یشی بۆ بەکارهاتووە، کە مانای "مرۆڤی بوون" دەگەیەنێت). (هایدیگەر، ئەوانی تر، 2018، لا 37)

(گەلێک بۆچوونی جیاجیا لە بارەی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە نووسراوە بەڵام بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی زاراوەکە دەگەڕێینەوە بۆ ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی، کە دەستەواژەیەک هەبوو بەناوی (Paedia Enkikia) کە بەواتای فێرکردنی هاوسەنگ کە بیرۆکەی فێرکردن (Paedia) واتا گونجانی زانیاری بە مرۆڤایەتیەکان کە خۆی لە حەوت هونەرەکە دەبینێتەوە ئەمانەن: (ڕێزمانی زمانەوانی، ڕەوانبێژی، مەنتیق یاخود دیاکتیک و زانستی ژماردن، فەلەکناسی، هارمۆنی دەنگی واتە گونجاندنی دەنگی. وە ئەم وشەی، کە "شیشرۆن" هەڵیبژارد لە بیرۆکەی "فێرکردنی هاوسەنگ"ی یۆنانی زاراوەی "Humanitatis" ،کە واتای مرۆڤایەتی دەگەیەنێت بەکاریهێناوە ،کە "شیشرۆن" یەکەم کەس بووە ،کە چەمکی "Humanitas"ی بەکارهێناوە، لێرەوە چەمکی هیومانیزم لەدایک دەبێت کە ئەویش بۆ یەکەم جار لە یەکێک لە نووسینەکانی لە ساڵی (80) پ.ز. نوسیوویەتی لەژێر ناونیشانی ( Rhetoric and Herenniums) بڵاوی کردۆتەوە. شیشرۆن بۆ شیکردنەوەی ئەم چەمکە هانای بۆ کۆمەڵێک بەرهەمی تر بردووە و لە هەمان کاتیشدا شتێکی ختۆتە سەر چەمکی "پایدیا"ی یۆنانی کۆن. وە مامۆستای ئەم بابەتە مرۆڤایەتیە بە "umanista" یان "Humanist"ی ناودەبرا). (Herrich, 2005, P:45-46)

(لە بابەتی خوێندراویش لە سەدەی (15)ەم بریتی بوو لە خوێندنی ڕێزمانی زمانەوانی و ڕەوانبێژی و و مێژوو و ئەدەب و فەلسەفەی ڕەوشت کە ئەم بابەتانە دەخوێندران کە لاتینی بوون و تایبەت بوون بە سەردەمی کلاسیکی پێش مەسیحیەت. ئەم بابەتانە ئەو بابەتانە بوون کە "تۆماس مۆر" و "کولیە" بەناوی "فێکردنی نوێ" ناویان دەبردن کە بریتی بوون لە بابەتی "کلاسیکی کۆن" هەر ئەمەش بوو کە سەردەمی ڕۆشنگەری پێی بەناوبانگ بوو). (Lamont, 1949, P:2)

(زاراوەی هیومانیزم زانراو نەبوو نە لە کۆن و نە لە سەردەمی ڕێنسانسدا، بەڵام ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن بیرمەندی پەروەردەیی ئەڵمانی (Niethammer. J. F) نیثامر لەکاتی گفتوگۆ و دەمەتەقێ لەبارەی دیراساتی کلاسیکی لەبواری فێرکردنی ناوەندی بەکاریهێنا و لەساڵی (1808)، لەمەش زاراوەی (Humanaisme) فەرەنسی و (Humanism)ی ئینگلیزی هەڵهێنجا). (صالح، 2015، ل 30)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە زیاتر مۆرکی فێرکردن و پەروەردەیی وەرگرتووە، کە زیاتر گەڕانەوە بوو بۆ ئادابی کۆن و ئەوانیان لە ڕەوش و زانیاری و زانستدا بە نموونەی باڵا دادەنا.

(مانای ئەم زاراوەیە هەر بەوە نەوەستا بەڵکو واتایەکی مێژوویی وەرگرت، کە لە کۆتایی سەدەی (١٩)ەمەوە بەتایبەتی لە ساڵی (١٨٥٨) دا زانای ئەڵمانی "جۆرج فۆریت" بۆ ئەم بزووتنەوەبە بەکاریهێناوە، کە سەریهەڵدا بۆ زیندووکردنەوەی پەروەردەی کلاسیکی لە سەردەمی ڕۆشنگەری لە ئیتاڵیا و دواتر بە هەموو ئەوروپا بڵاوبووەوە). (مهدی، 2017، ل 490)

لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی و دواتر پاش ئەو لە ئەڵمانیا لە سایەی "هیگڵیە چەپڕەوەکان" زاراوەکە زیاتر بۆ لایەنی فەلسەفی و ڕەوشتی دوور لە تێگەیشتنە خوداییەکان گواسترایەوە. (لەگەڵ سەرەتای بزووتنەوەی ڕەوشتی لە "٣٠"ەکانی سەدەی "20"ەم کە وای لێهات ئەم زاراوەیە زیاتر دەبەسترایەوە بە "فەلسەفەی سروشتی" لەگەڵ ئەڵمانیەتی کۆمەڵگا کە یەکەم ڕاگەیاندنی بەشێوەیەکی فەرمی لە زانکۆی "شیکاگۆ" بوو لە ساڵی "١٩٣٣" ئەم جۆرە مرۆڤدۆستییە بێ باوەڕییە بەوە ناسراوە، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو "بێ باوەڕی" دەبات، کە لەسەر بنەمای یەکسانی بوو، هەموو بیر و بۆچوونێکی ئاینی ڕەت دەکردەوە) (www.mawdooh.com).

("Humanist"، کە واتای مرۆڤایەتی و "Humanism" کە واتای مرۆڤایەتی بوونە لە (٨) پیت پێکهاتووە کە پیتی (H) تەنها بە (Capital) واتە گەورە دەنووسرێت بۆ گەیاندنی مانای بزووتنەوەی مرۆڤایەتی کە لەلایەن یەکێتی مرۆڤایەتی و ڕەوشتی جیهانی بەکاردێت).

دەتوانین بڵێین(www.Iheu.or/iheu) هیومانیزم لەڕووی مێژووییەوە بە دوو قۆناغی جیاواز سەریهەڵداوە کە قۆناغی کلاسیکی یاخود کۆن ناودەبرێت. لە لایەن هەردوو فەیلەسوفی گەورە "پلاتۆن و شیشرۆن" کە بینینی ئەوان کاریگەری گەورەی هەبووە بەسەر کەلتوری یۆنانی کۆن و ڕۆماوە بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی (١٩)ەم کۆمەڵێک چەمکی هیومانیزمی نوێ سەریهەڵدا بەناوی "New Humanism" کە لەلایەن فەیلەسوفە چەپڕەوەکان جۆری بۆ داڕێژرا لەوانە "کارل مارکس و ژان پۆل سارتەر و ئەریک فرۆم" و چەندانی تر،کە ئەمانە بوون بە ڕابەری هیومانیزمی نوێ.

– پێناسەی هیومانیزم: ئەم بزووتنەوە مرۆڤدۆستیيە گەلێک پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە هەریەکە و لە بواری خۆی پێناسەی بۆ کردووە. دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی هیومانیزم بریتیە: لەو بنەمایانەی کە وەرگیراون لە ئەزموونی مرۆڤەکان

بە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندییەکی یەکسان و دروست کە زیاتر گرنگی بە بەهای مرۆڤ و توانای مرۆڤ بدات بە سەلماندنی خۆی بە پشت بەستن بە بنەمای عەقڵ. مرۆڤ و مرۆڤایەتیش دوو شتی جیاوازن.

مرۆڤ: واتە ئەو بونەوەرە زیندوەی کە بیردەکاتەوە، وە مرۆڤێکی پێشکەوتووە لەڕووی عەقڵ و جەستەوە.

بەڵام مرۆڤایەتی: بریتیە لە جیاوازی مرۆڤ بوون لەگەڵ ئاژەڵان وە کۆمەڵێک سیفات کە مرۆڤ پێی دەناسرێتەوە و جیای دەکاتەوە لە گیاندارانی تری دەوروبەری.

(هیومانیزم بریتیە لەو بزووتنەوە فیکریەی کە لە سەردەمی ڕێنسانس و ڕۆشنگەری سەری هەڵدا و ئەویش بریتی بوو لە پشت بەستن بە عەقڵی مرۆڤ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەستور و یاسایانەی کە بەسەریدا سەپێنرابوون لەلایەن کەنیسە، چونکە مرۆڤ خۆی چەق و سەنتەری ژیانە و بۆیە پێویستە لەژێر سایەی کەرامەت و عەقڵ و ڕەوشتدا ژیانێکی خۆش و پڕ لە دادپەروەری و یەکساندا بژیت دوور لە جیاوازی ئاینی و چینایەتی و ڕەگەزپەرستی) (براهیمی، 2017، ل 6).

هەروەها هەندێکی تر وا پێناسەی دەکەن کە بریتیە لە (داوایەکی مرۆڤایەتی لەپێناو کەرامەتی مرۆڤ کە مرۆڤ دەکاتە پێوەری هەموو شتێک کە لە وشەی (Humanitas)ی لاتینی وەرگیراوە بەواتای گرنگی دان بە زاتی مرۆڤ و نزیک بوونەوە لە "زانستی لیبرالی"ەوە مرۆڤ تاکە ڕاستیەکی سەر زەویە و جیایە لە ئاژەڵ). (www.arabency.com)

هەندێکی تر وا پێناسەی دەکەن بریتیە لە (بزووتنەوەیەکی ڕۆشەنبیری و فیکری و ڕەوشتی کە مرۆڤ دەخاتە سەرووی هەموو شتێک واتە باوەڕی بە مرۆڤ و توانای مرۆڤ هەیە و دەڵێت مرۆڤ دەتوانێت هەموو کۆمەڵگا بەرەو پێش ببات، ئەم بزووتنەوەیە سەرەتا لە ئیتاڵیا لە سەدەی (١٤)ەم دواتر بە هەموو ئەوروپا بڵاوبووەوە لە سەدەی (١٦)ەم گەیشتە ئەوپەڕی لوتکە). (صالح، 2015، ل 17)

هەندێکی دی دەڵێن (بزووتنەوەیەک یاخود تەوژمێکی مرۆڤایەتی و فیکری و فەلسەفیە بەڵام ئاینی نیە، جەخت دەکاتە سەر مادیات و باوەڕیان بەتاکی مرۆڤ هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاین، هەروەها جۆرە ڕەوشتێکی دژ بە مرۆڤایەتی ڕەت دەکاتەوە، دەڵێت پێویستە مرۆڤ ڕێز لەخۆی بگرێت، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ بیری یۆنانی کۆن لەلایەن هەردوو فەیلەسوف "طالیس – زینافۆن" کە بەیەکەم مرۆڤدۆست دادەنرێن لەلای یۆنانیەکان. هەروەها سۆفیستایی بەناوبانگ "پرۆتاگۆراس" کە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت: مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە). (www.maktaba-ama.com)

(بەشێکی تر پێیان وایە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریە کە دەگەڕێتەوە بۆ (فرانشیسکۆ پیترارکا) و (جیۆڤانی بۆکاتشیۆ) کە ئامانجیان دووبارە دۆزینەوەی کلاسیکیەتی یۆنانی و لاتینیەکان بوو لە مێژوو، مرۆڤایەتی پیترارک تێربوو لە (هێزی ئەفلاتوونی نوێ) وە هەوڵی دەدا بۆ دۆزینەوەی نەفسی مرۆڤ کە بە هەموو ئیتاڵیا بڵاوبووەوە، دواتریش بە ئەوروپا بڵاوبووەوە). (هیریک، 2006، ل5)

لە ئەنجام دەتوانین بڵێین هیومانیزم بریتیە لەو بەها مرۆڤایەتیە بەرزانەی کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات بۆ ئەوەی پێی بگات ئەویش لە ڕێگای کار و کردەوەکانی وە وتەکانی کە لە عەقڵەوە دەردەچن، هەروەها وای لێ دەکات کە زاڵ بێت بەسەر خودی خۆی و دووربێت لە کاری خراپە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ گوێی بۆ ئارەزووەکانی خۆی شل کرد ئەو کات ئەبێت بە ئاژەڵ بە کردەوەکانی دوور دەکەوێتەوە لە مرۆڤایەتی و مرۆڤ بوونی خۆی.

- **قۆناغەکانی سەرهەڵدانی هیومانیزم:**

زۆربەی بیرمەندە مرۆڤدۆستەکانی وەک کۆریس و لامۆنت و پۆل کورتز، جیم هیریک، ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێننەوە بۆ فەیلەسوفانی یۆنانی بەو پێیەی کە ئەوان سەرچاوەی ڕەسەن و سەرەکی مرۆڤایەتی و سەردەمی ڕێنسانس وەک ئەفلاتوون و ئەرستۆ و سوکرات و طالیس و ئەبیقۆس.

هەروەها بۆ فەیلەسوفانی "ڕۆمانی" کۆنیش، هەروەها ئەم بزووتنەوەیە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ هەبووە، بەڵام بنەما و یاساکانی لەسەر دەستی بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆژئاوایی دامەزران و چەسپان.

(فەلسەفەی مرۆڤگەرایی شتێکی نوێ نیە بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی ئەم هزرە فەلسەفیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "سۆفیستاییەکان" لە یۆنانی کۆندا (450 – 400) پ.ز، ئەمانە یەکەم گروپ بوون بەرگریان لە تاک وەک مرۆڤ کردبێت، ئەمانە خەڵکیان لەسەر ئەوە ڕادەهێنا کە چۆن لە بەرامبەر جەماوەردا بدوێن و بەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن و دەیانویست دەنگی تاکەسی و بیروڕا تایبەتیەکانی لەمەڕ سیاسەت و ژیانی هاوبەشەوە کاریگەر بێت، بۆیە "پرۆتاگۆراس"ی مەزنە سۆفیست گوتبووی "مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە" بەڵام سۆفیستاییەکان دەیانویست ئەوە فێری تاک بکەن چۆن بدوێن و بەرگری لە مافی خۆیان بکەن). (هایدگەر، ئەوانی تر، 2018، ل300).

هیومانیزم لە سەدەی (١٢)ەم سەرەتای سەرهەڵدانی بوو بەڵام (نەک بەم شێوەی ئێستا چونکە فەلسەفەکەی نەگەیشتبووە ڕۆشەنبیری باوەڕ، واتە لەسەر بنەمای ئاینە ئاسمانییەکان بنیات نەنرابوو، هەروەها وەک بەرپەرچ دانەوەیەک بوو بۆ ڕێبازی سۆفییەت سەبارەت بە مرۆڤ). (www.mawdooh.com).بەڵام لە سەدەی (١٤ – 16)ەم واتە لە سەردەمی "ڕێنسانس" ئەم بزووتنەوەیە مرۆڤایەتییە سەرەتا لە ئیتاڵیا لە نیوەی دووەمی سەدەی (١٤)ەم سەریهەڵدا دواتر بە هەموو ئەوروپا بڵاوبووەوە. فەلسەفەی مرۆڤایەتی لەو سەردەمە زیاتر بەرەو عەقڵانیەت و پێگەیشتن دەچوو، کە لەسەر چەند بنەمایەک بنیات نرابوو وەک بەرپەرچدانەوەیەک بوو بۆ زانستەکانی ئەو سەردەمە، هەروەها بۆ ئەوە سەریهەڵدابوو کە عەقڵی مرۆڤایەتی ئازاد بکات لە دەسەڵاتی کەنیسە و پیاوانی ئاینی، چونکە سەدەکانی ناوەڕاست بە سەدەکانی تاریکی دادەنرا کە پیاوانی ئاینی و کەنیسە باڵیان بەسەر هەموو شتێک داگرتبوو بەناوی ئاین و کەنیسە خەڵکیان دەچەوساندەوە، بۆیە ئەم بزووتنەوەیە سەری هەڵدا دەیویست ڕۆڵێک بە عەقڵ بدات لە پەیڕەوکردنی یاسای بیرکردنەوە و درک پێکردن هەروەها خۆشەویستی ڕاستەقینە، هەروەها بۆ ئەوە هاتبوو زیاتر دووپاتی بنەماکانی سروشت بکاتەوە لەجیاتی بنەماکانی سەردی سروشت هەروەها زیاتر گرنگی دە دا بە خۆشەویستی و جوانی و سوارچاکی، هەروەها سەیری خۆشەویستی و ڕۆمانسی دەکرد لەوەی کە کارێکی ئاساییە و گوزارشت لە سەربەخۆیی تاک دەکات.

(لەو سەردەمە واتە سەردەمی ڕێنسانس مرۆڤ بوو بە سەرۆکی خۆی و بڕیاردەری کارەکانی وە هیچ دەسەڵاتێک نیە بۆ ئەوەی ئەم ئازادییەی لێ تێک بدات، مرۆڤ ڕزگاری بوو لەو ترسەی کە لە ناخی دا هەبوو، وە وای لێکرد ببێتە بوونەوەرێکی وا لە سەرووی هەموو بوونەوەرانی تر. ئەم بزووتنەوە مرۆڤایەتییە وای کرد کە متمانە بە مرۆڤ و تواناکانی بکرێت هەروەها ئەم بزوتنەوەیە دژی بەزەیی و خۆبەدەستەوەدانی مرۆڤ بوو بۆ بەدەستهێنانی ئازادی.

(سەردەمی ڕێنسانس هۆکارێک بوو بۆ ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤ و ڕزگاربوونی لە دەسەڵاتی کەنیسە و پیاوانی، بەڵام لایەنگرانی کەنیسە پێیان وابوو کە مرۆڤ دەتوانێت مرۆڤدۆست بێت لە هەمان کاتدا ئیماندار بێت نەک بێ ئیمان. ئەم بزووتنەوەیە سەرەتا مرۆڤی کردە پێوەری کارەکان کە وای دانا مرۆڤ بوونەوەرێکی نموونەیی و دوورە لە هەموو خراپەکارییەک و شەڕانگێزییەک بەڵام فەلسەفە تەنانەت ئەفلاتوونیش پێی وابوو مرۆڤ لە سێ هێزی جیاواز پێکهاتووە، کە:

یەکەمیان: هێزی عەقڵە.

دووەمیان: هێزی تووڕەبوونە.

سێیەمیان: هێزی شەهوەتە.

تەنانەت ئەو مرۆڤەی کە (دیکارت)یش وێنای کرد تەنیا مرۆڤێک بوو کە توانی ناخی خۆی ئاشکرا بکات و هەوڵی دا بیربکاتەوە و شتەکانی سروشت بگۆڕێت). (www.Reinaissance/history.com).

ڕێنسانس گرنگی بە بەهای مرۆڤ و تواناکانی دا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەدەر و بەدەستهێنانی ئازادی تاکەکەسی و هەستکردن بە بوونی مرۆڤ خۆی لە ئەنجام مرۆڤێکی نوێ لەدایکبوو، کە باوەڕی بە تواناکانی خۆی هەبوو لە داهێنان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی کە پێشتر بەبێ بوونی پیاوانی ئاینی و کەنیسە هیچ کارێکی بۆ نەدەکرا. (لە سەدەی (١٦)ەم چاکسازی ئاینی لەلایەن (مارتن لۆسەر) کرا ،کە ئەویش بریتی بوو لە دانپیانان بە عەقڵی مرۆڤ و هەروەها ڕۆڵی کەنیسە و پیاوانی ئاینی کەم کردەوە بەوەی کە مرۆڤ بۆ خواپەرستی و گەیشتن بە خودا پێویستی بە هیچ نێوەندێک نیە چونکە گوتی مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخودا بکات). (إبراهيم، 2018، ل4).

ئەگەرچی مرۆڤگەرایی سەردەمی ڕێنسانسدا پێداگری لەسەر چەشنی مرۆڤ دەکردەوە، بەڵام پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە بوونی خودایان ڕەت دەکردەوە و لەنێوان مرۆڤگەرایی و کریستیانیدا دژ بەیەکیان نەدەدی. لەڕاستیدا زۆرێک لە پێشەنگەکانی مرۆڤگەرایی لە سەردەمی ڕێنسانسدا خۆیان لە پیاوە ئاینییەکانی کڵێسای کاسۆلیکی بوون، لە ڕوانگەی مرۆڤگەراییدا خودا بوونێکی ڕەت نەکراوە بوو، ئەوان لەم ڕوانگەیەوە دەستیانکرد بە هەڵسەنگاندنی مرۆڤ و توانا و کار و دەستکەوتەکانی. (مرۆڤایەتی سەردەمی ڕێنسانس بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆن، چونکە ئەو سەردەمانە سەردەمانێک بوون، کە شارستانیەتێکی سەربەخۆ و تایبەت بەخۆیان هەبوو، بۆیە هەوڵیاندا بەشێک لەم سیمایانەی ئەو سەردەمە زیندوو بکەنەوەو بیگەڕێننەوە نێو شارستانییەتی خۆیان، چونکە بەلای ئەوانەوە مرۆڤ لەڕاستیدا چەقی شارستانیەتی ژیانە، بۆیە پێویستە لە سایەی عەقڵ و کەرامەت و ڕەوشتی مرۆڤەوە خۆشی و یەکسانی بۆ مرۆڤ بگەڕێتەوە. زیاتر گرنگی بە مرۆڤ و عەقڵی بدرێت و بکرێتە چەقی ژیان لەجیاتی ئاین). (بلوغ، 1980، ل12).

(لە بـواری پەروەردەییشـدا دەسـتکرا بە دامەزرانـدنی چەنـد قوتابخـانەیەک بە زمـانی لاتینـی، کە گرنگـی بە دەستنووسـەکانی نووسەرانی ڕۆمانی و یۆنانی دەدرا و دەخوێندران، هەروەها میرەکانیش لە ئیتاڵیا منداڵەکانیان لە قوتابخانەی تایبەت دادەنا بۆئەوەی فێری ئەم شارستانیەتە کۆنە ببن و باشترین مامۆستایان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێـری ئەدەبی کـۆن بـکەن). (هەریـری، 1994، ل137).

هیومانیزم لە سەدەی (17 – 18)ەمـدا، لە سـەردەمی ڕۆشـنگەرییدا بـزووتنەوەی مرۆڤـایەتی لەسـەر دەسـتی "ئۆگەسـت کۆنـت" ڕەوتێکی عەقڵانی وەرگرت، ئەم بزووتنەوەیە وەک بیری فەلسەفی متمانەی بۆ مرۆڤ گەڕاندەوە، وەک کەسێکی عاقڵی سەربەسـت لەم سەردەمە مرۆڤ خاوەن زانیاری و عاقڵ و بیرکردنەوەیە، دروستکەری شتەکانە و توانای گۆڕینی خـۆی هەیە، بەپێـی بۆچـوونی کانت مرۆڤ توانای دروستکردنی ژیانێکی هاوبەشی هەیەو دەتوانێ ئاشـتییەکی سەرتاسـەری جیهـانیی دروسـت بکـات، واتە هـاتنە دەرەوەی مرۆڤ لەنێو نەزانی و ڕۆیشتن بەرەو سەربەستی ڕادەربڕین، ئەمە هزری عەقڵاني و فەلسەفەی ئەو سەردەمەیە.

(لەو سـەردەمەدا فەلسـەفەی مرۆڤـایەتی گەشـەی سـەند و دەربـڕی بنەماکـانی بـزوتنەوەی ڕۆشـنگەری بـوو، کە گـرنگترین دەستکەوتەکانی بریتی بوون لە ڕێزلێنانی عەقڵی مرۆڤایەتی، کە بەشێوەیەکی زۆر پیرۆز بوو، هەروەها بوارەکانی زانینی مرۆڤـایەتی فراوانتربـوون، بەڵام لە کۆتـایی ئەو سـەدەیەدا تـووشی ڕەخنەیەکـی زۆر بـووەوە، بەتـایبەتی لەسـەر بنەماکـانی ڕۆمانسـیەت و فەلسەفەی سروشتی). (www.mawdooh.com).

(لەو سەردەمەدا ژمارەی مرۆڤدۆستیی زیادیکرد و سنووری ئیتاڵیای بەزاند و بە هەموو ئەوروپادا بلاوبـووەوە. لەگەڵ ئەوەی، کە کێشـەیان لەگەڵ یەکـتردا هەبـوو، بەڵام لەم بـزوتنەوە مرۆڤـایەتییەدا یەکـانگیر بـوون و (بـزوتنەوەی مرۆڤـایەتی بـێ باوەڕیـان) بڵاوکردەوە. بەم شێوەیە چیتر ئیتاڵیا چەقی ئەم بزووتنەوەیە نەما و (فەرەنسا) شوێنی ئیتاڵیای گرتەوە، بەتایبەتیش (پـاریس) بـوو بە سەنتەری ڕۆشنگەری و ئەویش لە سایەی نووسەران و ڕوناکبیران و ڕۆشەنبیران و بازرگانان و خاوەنکـاران و بگـرە پیـاوانی ئـاینیش ڕۆڵیان لەو ڕۆشنگەرییەدا هەبوو. لەو سەردەمەدا فەلسەفەی "لاهوتییەت" لەسەر دەستی "سپینۆزا" و "دیکارت" جیاکرایەوەو زیاتر گرنگیان بە "عەقڵ" دا و عەقڵیان کردە ڕەنگدانەوەی ڕاستی و گەیشتن بە ڕاسـتی لە ڕێگـای عەقـڵەوە، واتە چیـتر ئـایین سـەرچاوەی زانست و زانیاری نەما. "فرانسیس بیکۆن" لە لایەنی پەروەردەیی لاسایکردنەوەی پەروەردەیی ڕەت کردەوە و لە بواری پەروەردەیـی بۆ گەیشتن بە زانست و زانیاری گرنگی بە لایەنی پراکتیکیدا). (هاشم، 2015، ل21).

سەردەمی ڕۆشنگەری دوو خاسیەتی زۆر گرنگی بەخوە گرت:

١-دەرکەوتنی میتۆدی ئەزموونگەرایی، کە سەرەتاکەی بۆ "فرانسیس بیکۆن" دەگەڕێتەوە، کە ڕەخنەی لە مەنتیقی ئەرستۆیی گرت، کە میتۆدێک بوو لە کەنیسە دەخوێندرا.

٢-دەرکەوتنـی میـتۆدی عەقـڵانی، کە لەلایەن (دیکـارت)ەوە بـوو، کە زۆربەی مێژوونوسـان بە بـاوکی عەقڵانـیەت وەسـفی دەکەن. ئامانجی ئەوەبوو بابەت و زانستی گەردوونی خودایی بگوازێتەوە بۆ فیزیایی. واتا چیتر بەچاوی خودا سەیری دونیا نەکرێت، تـا وای لێهات زۆربەی ڕۆشـنبیران باوەڕیـان بە توانـای عەقـڵ پەیـدا کـرد و عەقـڵ لە توانایـدا هەیە ببێـتە ڕاسـتیی و ببێـتە پێـوەری ژیـانی مرۆڤایەتی. بەم شێوەیە عەقڵ لەجیاتی ئاین بوو بە سەرچاوەی ڕاستییەکان، بـۆ ئەوەی سـەدەی (١٨)ەم ببێـتە بنـاغەیەکی نـوێ بـۆ ڕاستیی). (صالح، 1987، ل90).

هیومانیزم لە سەدەی (19 -20)ەمدا، واتا سـەردەمی نـوێ، لەم سـەردەمەدا زۆربەی وڵاتـانی ئەوروپـی کەوتـنە نێـو شـۆڕشی سیاسییەوە ،ئەمەش شۆڕشێکی هزری و ئازادی بیرکردنەوەی عەقڵی مرۆڤ سەردەمی ڕۆشنگەری لێکەوتەوە، هەروەهـا لە ئەوروپـا گۆڕانکاری زۆر لە بواری ئـابووری و کـۆمەڵایەتی ڕوویـداو ئەو گۆڕانکاریـانەش هەمـوو وڵاتـانی دەوروبەری گـرتەوە بگـرە وڵاتـانی دووریـش وەک (یابـان، ویـلایەتە یەکگرتووەکـان)، کە بـووە هـۆی زیـادبوونی ژمـارەی دانیشـتوان. دێیەکـان بـوون بە شـار و لە کشـتوکاڵییەوە بـوون بە پیشەسـازی و بازرگـانی و لە دەرەبەگـایەتییەوە بـوون بە سـەرمایەداری. مـرۆڤ بەهـۆی دەسـکەوتە زانستییەکانەوە توانی ژیانی خۆی بگۆڕێت و بەرەو پێشی ببات. (ئەم بزوتنەوە مرۆڤایەتیەی، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی (٢)ەمدا سەری هەڵدا زیاتر گشتگیرتر و فراوانتر بـوو، بەتـایبەتی دوای ئەوەی میللەتـان لە ئەنجـامی جەنـگ تـووشی گرفـتی زۆر بـوونەوە، وایکرد زیاتر هەست بە گرنگی ئاشتەوایی و هاریکاری و زیادبوونی گرنگیدان بە بیرکردنەوەی مرۆڤـایەتی، ویـژدانی و تـێکەڵ بـوون لەگەڵ دەوروبەربکەنەوە. لەم ماوەیەدا مـرۆڤ مـافی خـۆی لە چوارچێـوەی دیمـوکراسی و جێبەجێکـردنی یەکسـانی کۆمەڵایەتیـدا وەرگرت و توانی هەموو کێشەکانی خۆی چارەسـەر بکـات. هەر لەم سـەردەمەدا کۆمەڵێـک فەیلەسـوف و بیرمەنـد دەرکەوتـن، کە لایەنگـــری بـــزووتنەوەی مرۆڤـــایەتی بـــوون لەوانە: برناردشـــۆ، شـــیللەر، کـــارل بـــومر و.... چەنـــدانی تـــر). (www.commonsensehumanusme.com)

هیومـانیزمی نـوێ یـاخود (New Humanism) ئەم جۆرەیـان ناودەبرێـت بە هیومـانیزمی سروشـتی و هیومـانیزمی زانسـتی و هیومانیزمی ڕەوشتی و دیموکراسی و هیومانیزمی نوێ.

(ئیراسـمۆس ڤـۆن رۆتـردام "Erasmus Von Rotterdam" یەکێـک لە بەهێزتـرین و کـاریگەرترین هیومانیسـتەکانی قۆنـاغی مۆدێرنەیە، کە بە باوکی هیومـانیزمی نـوێ ناودەبرێـت، ئەو فەلسـەفە مەسـیحیەتەی جەخـتی لەسـەر کلـتوری ڕێژەیـی دەکـردەوە، هەروەها کاری دەکرد بۆ ئەوەی جۆرە ئاشتبوونەوە و نزیکبوونەوەیەک لەنێوان کلتوری کۆنی یۆنانی و مەسیحیەتدا دروست بکـات. ئیراسمۆس توانی لەنێوان مەیـلی شۆڕشـگێڕی و ریفۆرمیسـتەکان و کڵێسـای کاسـۆلیکی پارێزگـاری لە ڕۆحـی سـەربەخۆیی بکـات و نەکەوێتە ناو بەرەی هـیچ کامیـانەوە. هەرچەنـدە ئەو زۆر بـاوەڕی تونـدی بە کڵێسـا و عەقیـدەی کاسـۆلیکی هەبـوو، بەڵام هـزری "راسیۆنالیزم و عەقڵانی و هیومانیزم"ی بەسەر کار و بەرهەمەکاندا زاڵ بوو، هەر ئەمەیش وایکرد لەلایەن کڵێساوە ئیدانە بکرێت). (هایدگەر و ئەوانی تر، 2018، ل66).

(لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵێک چەمکی هیومانیزمی نوێ دروست بوون، کە زیاتر لە لایەن فەیلەسوفە چەپەکانەوە تیۆری بۆ داڕێژرا، کە ئەمانیش تا ڕادەیەک لە هیومانیزمی کلاسـیکیەوە دوور بـوون، لەوانە "کـارل مـارکس" ، "ژان پـۆل سـارتەر" ، "ئەریک فرۆم"....چەندانی تر، ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر بوونە نەیار و ڕکابەری هیومانیزمی کلاسیکی). (www.alnaked-aliraqi.net).

(Post Humanism) پۆسـت هیومـانیزم، ئەم جۆرەیـان زیـاتر لەگەڵ پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا و هۆکارەکـانی گەیاندنـدا سـەری هەڵداوە. لە سەردەمی نوێدا (Petersloterdijn) پیتەر سـلۆتەردایک فەیلەسـوفی بەناوبـانگی ئەڵـمانی لە سـاڵی 1996 دا وتـارێکی بەناوی (یاساکان لە پێناو شارسـتانیەتی مرۆڤـایەتی)دا پێشـکەش کـرد، کە بـووە هـۆی کـاردانەوەیەکی زۆر لەلایەن فەیلەسـوفان لە ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەوروپییەوە لێبکەوێتەوە. ("سلۆتەردایک" دەیەوێت بزووتنەوەی مرۆڤایەتی کۆن و نوێ ببرێت و دەرگا بۆ (پۆست هیومانیزم) واڵا بکات، کە ئەویش لە ڕێگای (Anthropotechnique) ئەنسرۆپۆتەکنەلۆژیەوەیە، کە سلۆتەردایک لەو باوەڕدا بـوو، کە ڕاهێنانی مرۆڤەکان لەسەر هیومانیزم بۆ ئەوەیە، کە بەهۆی زانستی سروشتیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە لە خۆیـان تێـبگەن. هەروا لە ڕێگای ئەو میکانیزمانەی کە بەدەستی دەسەڵاتەوەن). (Bacon: 2000, P1333).

- خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی هیومانیزم:

1- پێویستە مرۆڤ هەموو کات بەدوای مانای بوونی خۆی لەم ژیانەدا بگەڕێت.

2- پێویستە مرۆڤ هەموو کات هیوای بە ژیان هەبێت و ڕووبەڕووی ئازارەکانی ببێتەوە.

3- سەنتەری مرۆڤ پابەندبوونیەتی بە هیوا و ئاواتەکانییەوە.

4- گرنگیدان بە فیکر و ئازادی وەک بنەمایەکی سەرەکی بوونی مرۆڤ.

## 2- ڕەنگدانەوەی ڕەهەندەکانی هیومانیزم لە چیرۆکی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

چیرۆک یەکێکە لەو ژانرانەی، کە گرنگییەکی زۆری لە ژیانی تاکی کورددا هەیە، چونکە (گومانی تێدا نیە، چیرۆکنووس ویژدانی نەتەوە و گەلە، بابەت و بەرهەمەکانی لەوەوە هەڵدەهێنجێت، دانەبڕانی لە کۆمەڵ ئەرکێکی پێویستە، تا ڕاسـتگۆیی و ڕەسـەنایەتی بە بەرهەمەکەیەوە ببینرێت). (یوسف، 1998، ل194).

ئەگەر ئاوڕێک لە چیرۆکی کـوردی چیرۆکنووسـانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بـدەینەوە، دەبینـین چیرۆکەکانیـان لێـوان لێـون لە هیومانیزم، بە حوکمی ئەوەی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا ژێردەستەیە و خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی خـۆی نـیە و بەدرێژایـی مێـژوو دووچـاری گەلێـک نەهـامەتی و چەوسـاندنەوە بـووە، بـۆیە ئەم هەمـوو زوڵـم و سـتەمە لە بەرهەمـی چیرۆکنووساندا ڕەنگی داوەتەوە. (چیرۆکی کوردی تەواو بە ژیانی گەلەوە لکاوە، لە ژیاندا هەوڵدان و کۆڵ نەدانە). (ڕەسول، 1975، ل29).


ئەگەر بێیـنە سـەر بـاسی چیرۆکـی (ژمـارە حەوت)ی چیرۆکنـووس (فـروغ نیعمەتپـور)، ئەم چیـرۆکە چیرۆکێکـی (سیاسـییە)و بەشێوازێکی "مرۆڤدۆستانە" باس لە بابەتێکی فرە ڕەهەندە دەکات، واتە زیاتر لە بابەتێک لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش: "شەڕ، زوڵم و سـتەم، هەسـتی نەتەوەیـی، سـۆز و بەزەیـی" واتە چیـرۆکەکە ئەم بنەمـا (هیومانیزمـانەی) هەمـوو تێـدا بەدی دەکرێـت. بـابەتە سەرەکییەکە باسی ساڵی (1967)ی هەتاوییە. واتە دە ساڵ دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، کە دەسەڵاتی شایان لادا و کۆماری ئیسـلامی ئێران شوێنی ئەوی گرتەوە، هەر کە هاتە سەر حوکم بەهۆی ئەو زوڵم و سـتەم و دڵ ڕەقـیەی و بە تـۆمەتی جیاجیـا کەوتە گیـانی خەڵک و نزیکەی (10.000) دە هەزار کەسی زیندانی کرد و دواتر بە دڕندانەترین شێوەی نامرۆڤانە هەموویانی لە سێدارەدا، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان ئەنجام دابێت، لە قەبرستانی (خاوەران) لە ڕۆژهەڵاتی ئێران لەوێ بە کۆمەڵ ناشتیانی.

ئەم چیرۆکە لەسەر دوو تەوەری سەرەکی "هیومانیزم" کار دەکات ئەوانیش:

تەوەرەی گشتی: کە هیومانیزم لەم تەوەرە خودا وەک ئایدۆلۆژیایەک (خواوەند) ڕەت دەکاتەوە و (مرۆڤ) دەخاتە شوێنی ئەو، واتە مرۆڤ دەکاتە چەقی سەرەکی بابەتەکانی و دژی عەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاست کاردەکات.

تەوەرەی تایبەتی: کە کار لەسەر بنەماکانی هەست و سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی و ئازادی و سەربەستی و لێبوردەیی دەکات.

ڕەنگدانەوەی ئەم دوو تەوەرەی هیومانیزم لەم چیرۆکەدا بەم شێوەیە:




واتە چیرۆکنووس دەیەوێت بڵێت، کە حکومەتی بەناو ئیسلامی نەدەبوو لە پێناو هەر ئایدۆلۆژیایەک بێت، ئاوا دڕندانە بکەوێتە گیانی ئەو خەڵکە و بەم شێوەیە زوڵمیان لێ بکات و ئازاریان بدات. هەروا باسی ئەو هەست و سۆز و بەزەییەی دایکەکە دەکات بۆ ڕۆڵەکەی، کە هەر چاوەڕوانی هاتنەوەیەتی، بۆیە هەموو شەوێک جێگای بۆ ڕادەخات و هەر لە چاوەڕوانیدایە.

ئەم چیرۆکە باسی خێزانێک دەکات کە لە "حەوت" کوڕ پێکهاتوون و حەوتەمین کوڕیان بێ سەروشوێنە، وادیارە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە، کە کۆمەڵکوژکراون. چیرۆکەکە وەها دەست پێدەکات دەڵێ:

"ئەو شەوێ سێ جار دەیژماردین، ئا! ڕێک سێ جار. دواتر بەبێ ئەوەی بە ئەنجامێکی خوازراو بگات، دەستی لە ژماردن هەڵدەگرت و دەچوو دەنووست، لەبەرئەوەی:

لە یەکەم دەوردا داڵغە لێی دەدا.

لە دووهەم دەوردا بیری منداڵی ئەوی دەکەوتەوە.

لە سێیەم دەوریشدا نەیدەزانی، کە دوای شەش چ ژمارەیەکە!"

واتە چیرۆکنوس باسی ئەو دایکە جەرگ سووتاوە دەکات، کە کوڕەکەی لەدەستداوە و تا ئێستاش تەرمەکەی نەدۆزیوەتەوەو هەر لە چاوەڕوانیدایە، بۆیە هەموو شەوێک منداڵەکانی دوو سێ جار دەژمێرێت بەڵام هەر هەڵە دەکات، چونکە ئەو بە داڵغەوە بیری ڕۆژانی منداڵی کوڕەکەی دەکەوێتەوە یاد، بۆیە سەری لێ دەشێوێت و ژماردنەکە تەواو ناکات. ئەو هەست و سۆزی دایکایەتییە، کە ئاگر لە هەناوی بەردەدات و تووشی سەرلێشێوانی دەکات بۆیە ناتوانێ ژمارە حەوت بڵێت و سەرلەنوێ لە ژمارە یەکەوە دەست پێدەکاتەوە.

دەڵێت: "لەگەڵ وتنی هەر ژمارەیەک، لێوە چرچەکانی کۆدەکردەوە و زمانێکیشی پیا دەهێنان. سەرپۆشە سپیەکەی لەبەر تیشکی بێ هێزی زەردی گڵۆپەکەی سەر سەری، لەبەر چاومان ئارام ئارام دەژاکا"

کوڕەکە دەڵێت: من هەر بەردەوام دەمگوت ئێمەش شەش کوڕین کەچی ئەو هەر باسی ژمارەیەکی تری دەکرد و بە پەنجە ئاماژەی بۆ جێگایە چۆڵەکەی کوڕەکە دەکرد، بەڵام لە تاوان و لە حەیبەتان نەیدەتوانی ناوی ژمارەکە بهێنێت، کە (حەوت)بوو، لە بیری دەچوو. هەموو شەوێک جێگای بۆ ڕادەخست بەو هیوایەی شەوێک لە شەوان بێتەوە سەر ئەم جێگا خاڵییەی، ڕۆژی حەوت جار خۆی بەقوربان دەکرد.

براکەی دەیگوت: "بەرەبەرە لە جێگا چۆڵەکەی تەنیشتی خۆم دەترسام، تۆ بڵێی کەسێکی لێ بێت و من پێی نەزانم؟ خەمێکی قووڵ سەرتاپای داگرتبووم. لەبەرخۆمەوە دەمگوت: گەر قەرار بێت حەوت بزر بێت، شەشیش دەتوانێ بزر بێت، شەشیش من بووم!"

واتە ئەو دەکەوێتە گومان و دەڵێت گەر براکەم وا بەئاسانی و بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی ئەنجام دابێت ون بێت، ئەوا زۆر ئاسانە ئەویش ون بێت، کە ژمارەی شەشەم کوڕە لە خێزانەکە بەڵام دەڵێت کاتێک دایکم شەوانە دەیژماردین دەمویست ئەم قسەیەی پێ بڵێم، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو زۆر بەتوڕەیی و دڵ پڕی دەیژماردین من غیرەتی ئەوەم نەبوو قسە بکەم

چیرۆکنووس دەیەوێت بپرسێ ئاخۆ بۆ تەنیا لە شەوان دەیژماردن بۆ بەیانیان ئەم کارەی نەدەکرد؟ دەڵێ چونکە شەو تاریکایی باڵی بەسەر جیهاندا دەکێشێت و شتەکان لەناو تاریکایی خۆیدا حەشار دەدات کەس نازانێ کێ دێت و کێ دەچێت و چی ڕوودەدات. دواتر دێتە سەر باسی خانووەکەی خۆیان، هەمووومان دەزانینلە لادێ خانووەکان کە چەندە بە ساکاری و کەرەستەی ساکاری وەک قوڕ و خشت دروست کراون بۆیە زۆر بەئاسانی دەتوانی گوێبیستی قسەی ماڵە دراوسێکان بیت، بۆیە دەڵێت دەرو دراوسێکانیشمان ئەوان گوێیان لە دەنگی ژماردنی دایکم دەبوو تەنانەت مامۆستای مزگەوتیش و مامۆستای قوتابخانەش بەم کارەیان زانیبوو هەموو خەڵک دوعایان بۆ دەکردین و بەزەییان بەو دایکە جەرگ سووتاوەی من دەهاتەوە کە لەتاو کوڕەکەی وەک شێتی لێ هاتبوو شەو تا بەیانی نەدەخەوت. کوڕەکە دەڵێ: ((ڕۆژێکیان لە کاتی وانە گوتنەوەدا بە هەڵکەوت مامۆستا ژمارە حەوتی وەک نموونە لەسەر تەختەڕەشە کە نووسی. ژمارەیەکی سپی لەسەر تەختەیەکی ڕەش. بێ ئۆقرەییەک دایگرتم! گوتی: وەک دەڵێن لە ئاوی حەوت چەم و حەوت دەریا پەڕییەوە و سنوری حەوت وڵاتیشی بەزاند...." لەبەرخۆمەوە گوتم ئاخۆ چەندان حەوتی دیکەشی بەبەرەوە مابێ!))

واتە ژمارەکان زۆر پەستیان دەکرد و لێیان دەترسا بۆیە دەڵێت من تەنانەت لەو شوێنە ڕاخراوەیە بەتاڵەش دەترسام بۆیە حەزم دەکرد چیتر لەوێ لە تەنیشت ئەم شوێنە بەتاڵە نەخەوم، بەڵام لە لادێ جاران خەڵک وەک ئێستا نەبوو هەر کەسێک و بەتانیە و لێفەی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆیە یەک جاجمیان بەسەر پێنج شەش کەس دا دەدا، دەڵێ: "ئەو دوو بەتانیە بوو، کە هەر شەشمانی دادەپۆشت ئەی کەواتە چی بەخۆما دا بدەم؟ بەناچاری وازم هێنا" ئەو ترسە لە دڵی ئەو کوڕە غالب دەبێت بۆیە هیچ شەوێک نیە خەوتبێت کاتێک دایکی دەیانژمێرێت هەمیشە پاش ژماردنەکە دەخەوێت.

چیرۆکنووس لەسەر زاری براکەی دەڵێ هەموو شەوێک ئەو جێگاکەی خۆی لەبەر قاچی ئێمەدا ڕادەخست لەبەرئەوەی شەوان زۆر هەڵدەستایەوە و دۆڵکەیەک ئاوی هەتا لێوان دەهێنا بەیانی کەمێکی تێدا دەمایەوە، واتە ئەو شەوانە دەگەڕایەوە ماڵەوە بۆ بەیانیش بزر دەبووەوە دەڵێ: "وەک ئەوەی خۆر بانگی بکا". ئەم کوڕە زۆر نیگەرانە بۆیە دوو سێ جار دەیەوێت بە دایکی بڵێت ژمارە "حەوت" بەڵام کە دایکی دەبینێ چەندە خەمبارە و دەم و چاوی پێک داداوە و هەردەم لە داڵغەیە پەشیمان دەبێتەوە. شەوێک لە شەوەکان حەوت بە دەستێکی خوێناوی لەسەر جێگاکەی خۆی ڕاکشاوە شەش دەبینێ لەگەڵی دەکەوێتە گفتوگۆ، دەڵێ ئەو بە گوێمدا چرپاندی: "تەڕی شێوەی دەرەوە نیم، تەڕی بارانی ناو دەمارەکانی خۆمم! خوێن! بۆنم بەدەستمەوە کرد بۆنی بەیانی زووی هاوین، بۆنی کەسێک لەبەر دیوارێکی بەرزدا، بەدەست و چاوی بەستراوەوە"

واتە چیرۆکنوس باسی ئەو خەیاڵەی براکەی حەوت دەکات کە بە خەیاڵی براکەی هاتۆتەوە سەر جێگاکەی و هەموو لاشەی تەڕ و خوێناویە و هەردوو دەست و چاویشی بەستراونەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوە کە پێش ئەوەی لەناو چاڵەکەیان بهاوێن دەست و چاویان بەستاونەتەوە و ڕمیان کردوون. ئەو دەڵێ: "من لە هەر کوێیەک بم هەر پێویستم بێرەیە".

واتە هەموو کەس پێویستی بە ماڵ و مەفتەنی خۆی هەیە و حەزی لە خاک و نیشتمانی خۆیەتی لای کەس و کاری. ئەو دۆڵکە ئاوەکەی بۆ دێنێت بیخواتەوە بەڵام دەڵێ نایخۆمەوە چونکە لاشەم هەموو خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە کە گوللەباران کراوم بە دەستی دوژمن، بۆیە کەم خوێنی لەبەردا ماوەتەوە، دەڵێ: "مەڕۆ تا دایکم دەتبینێت و بۆ جارێکیش بێت وەک جاری جاران بتژمێرێت و بڵێت حەوت"

بەڵام ئەو ڕازی نابێت دەڵێت دەبێت بڕۆم هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و بۆنی ژوورەکەی خۆیان دەکات بۆ دواجار ماڵئاوایی دەکات.

براکەی پێی دەڵێت: "ئەی تۆش بەشوێن خەوندا نەڕۆیشتی؟"

واتە پرسیاری ئاراستەی براکەی دەکات کە ئەو بە شوێن خەونەکەی کەتبوو، کە ڕزگارکردنی خاک و نیشتمان بوو بەڵام ئەو گوتی: "ئەو خەونێک بەرەو ڕابردوو و من خەونێک بەرەو داهاتوو ئەم ژوورەش شوێنی یەکگرتنەوەمان!"

واتە ئەو بەدوای خەونێک کەوتبوو بەڵام ئێستا هیوای بە داهاتووە، ئەو بەدوای خەونێک بوو کە نەک تەنیا خاکەکەی، هەوڵی ئەوەی هەبوو تەواوی جیهان بەم ڕاپەڕینە بگۆڕێت بەرەو باشتر بەڵام خەونەکەیان نەهاتە دی و حوکمی ئیسلامی ئێرانی هاتە سەر تەخت و خەونەکانیان لە گۆڕنان و بەرەو خراپتر چوون. دەڵێ من شەش ئەو حەوت واتە پێکەوە دەکاتە ساڵی (١٩٦٧)ی هەتاوی.

دەڵێ: "نەورۆز بێت ئەو بۆ هەمیشە بزر دەبێت"

هەمووماں دەزانین نەورۆز واتە "كورد" و سەری ساڵی كوردی وەرزی ژیانەوە و نوێبوونەوەی ژیان و گژوگیا و دارودەشت واتە دەیەوێت بڵێت كە نەورۆز هات و "كاوە" هات، توانی دەسەڵاتی زاڵم تێك بشكێنێ و لەناو ببات واتە لێرە ڕەمزە بۆ ڕوخانی دەسەڵاتی "ڕەزا شا"ی پەهلەوی.

دەڵێ وەرە لە شوێنی من بخەوە، واتە تۆش وەک من كۆڵ مەدە و خەبات بكە وەک من لەبیرت نەچێت تێبكۆشە.

بەڵام ئەو دەڵێ: "بیرم كردوە، دیسان دەبینەوە شەست و حەوت بەڵام ئەمجارە، نەورۆزیش بێت شەست و حەوت بزر نابێت زۆر بەهێزە.

حەوت بۆ یەكەمجار خەوێكی قوڵی لێ كەوت و منیش زانیم كە شەش و حەوت لەپاڵ یەكتر دەبنەوە شەست و حەوت، شەست و هەشت، شەست و نۆ، لە خۆشی ئەوەی كە (ژمارەكان) مەبەستی (كورد)ە، قەت ون نابن هەر قڕمان بكەن دووبارە لەدایك دەبینەوە و لە خەبات و تێكۆشان بەردەوام دەبین.

دەڵێ: "لە خۆشی ئەوەی كە ژمارەكان بۆ هەمیشە ون نابن، ویستم توند، توند لە ئامێزی گرم"

بۆ دواجاریش دایكم لە خەو هەستا وامزانی دووبارە دەست دەكاتە بە ژماردنمان بەڵام ئەو هات و لە شوێنی حەوت ڕاكشا و ئەوان لەناو جەستەی یەكتر بزر بوون، واتە ئەوان بەردەوام چاوەڕێی كوڕەكەیان بوون، واتە دەسەڵاتی دەقەكە وایكردووە ئەو چاوەڕوانیەیان هەر بەردەوام بێت ئەمەش لە پەرۆشی ئەوانە بۆ ئازادی و ڕووخانی دەسەڵات و زوڵم و ستەمی بۆیە هەستی دایكایەتی دایكەكە وادەكات.

لە كۆتاییدا دایكەكە لەسەر جێگاكەی ڕادەكشێت و بەدەم خەندەوە دەڵێ: "ئاخ كوڕم بەخێربێیتەوە".

مرۆڤ تاكەی دەتوانێت وەک خۆی بێت چیرۆكێكی چیرۆكنوسی بەتوانا كاكە "ناصری وەحیدی)یە، ئەم چیرۆكەش بە ڕوانینێكی هیومانیستانە نوسراوە كە تەوەری سەرەكی باسی ئافرەت و كێشەی ئافرەتە، هەروەها باسی سیاسەتیشی تێدایە واتە باسی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتیش دەكات كەوابوو بەڕووی ئافرەتی كوردی ڕۆژهەڵاتی دەكەنەوە كە ئەمانەش چەند بابەتێكی گرنگی هیومانیزمن.

ئەو باسی ئەو زوڵمە دەكات كە ڕووبەڕووی ئافرەتی كورد بۆتەوە، بەڵام سەبارەت بە ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان زۆر جیاوازترە، چونكە ئەوان دووجار زوڵمیان لێكراوە، جارێكیان لەلایەن پیاوان و جارێكی دیكەش لەلایەن دەسەڵاتەوە.

ئەم چیرۆكەش ئەگەرچی چیرۆكنوسەكەی پیاوە، بەڵام بە ڕۆحێكی مرۆڤدۆستانەی ئافرەتانە داڕێژراوە، كە باسی كێشە و گرفتەكانی ئافرەتی كوردی ڕۆژهەڵاتی كوردستان دەكات.

ئەگەر هەر لە ناونیشانەكەیەوە دەست پێ بكەین ئاشكرا دەردەكەوێت، كە دەڵێ مرۆڤ مەبەستی ئافرەتە، واتە ئافرەتی كورد تا كەی دەتوانێت وەک خۆی بێت واتە ئافرەت بێت. واتە ئافرەتی كورد هەمیشە ماسكی خستۆتە سەر دەم و چاوی خۆی هەوڵیداوە خۆی بشارێتەوە و نهێنیەكانی خۆی بپارێزێت، بەڵام نەیتوانیوە چونكە هیچ كات ژیانی ئەو، ژیانی خۆی نەبووە هەردەم لەژێر دەستی كەسانی تردا بووە جا چ كەس و كار یاخود دەسەڵات بێت هیچ كات خاوەن ناسنامەی تایبەتیی خۆی نەبووە، وەک ئافرەت. واتە مرۆڤ خاوەنی هەندێک شتی شاراوەیە، كە بەشێكن لە كەسایەتی ئەو، هەندێكجار حەز ناكات تەنانەت خوشك و برا و پیاو و دایك و باوكیش درك بەم نهێنیانەی ئەو بكەن، چونكە ئەو حەز دەكات ئەم نهێنیانە شاراوە بن، چونكە بەشێكن لە شوناسی تایبەتی خۆی.

ئافرەت ئەگەر ئەم شتە تایبەتی و شاراوانەت لێ سەندەوە وەک ئەوە وایە ببیەیتە سەر بورجێكی بڵند و ڕووتی بكەیتەوە لە خوارەوە هەموو خەڵک هەموو ئەندامانی جەستەی ئەو ببینن بەڕووتیەوە، كە ئەمە چەندە شتێكی ناخۆشە، ئەوەندەی بەلاوە ناخۆشە، كە كەسانێكی تر پەردە لەسەر نهێنیەكانی ژیانی ئەو لابدەن. سەرەتای چیرۆكەكە بە باسی خانمێک دەست پێدەكات، كە ژیانی زۆر ئاسایی بەڕێوە دەچێت و بەیانیان، كە هەڵدەستێت چۆن خۆی دەشوات و نانی بەیانی ئامادە دەكات و خۆی دەڕازێنێتەوە و سوورا و سپیاو دەكات و دەچێت بۆ فەرمانگەكەی، كەوا پێدەچێت فەرمانبەر بێت لە فەرمانگەیەک دەڵێ: ((دەچێتە بەر مێزی خۆ جوان كردن كەمێک سپیاو بە فلچە لە ناوچاوانی و لا ڕوومەتی دەساوێ، كوڵمەكانی سوور بوو كەمێک تۆختری دەكات، سەری شانە دەكا پرچی بە جیرِی دەبەستێ، گیرە لە پشت سەری قایم دەكات جلی لەبەركردبوو. شەڵوار، مانتۆ، مەقنە، گۆرەوی ڕەش، بەر لە دەركەوتن سەر ژووری خەوەكەی دەدا. پەردەی ژوورەكەی لادراوە)).

تا ئێرە چیرۆكەكە زۆر بە ئاسایی ڕووداوەكان دەڕۆن، بەڵام لەو شوێنەی كە دەڵێ: "سەری ژووری خەوەكەی دەدا. پەردەی ژوورەكەی لادراوە".لێرەوە كارەساتەكە دەست پێدەكات، ئەم پەردە لادانە واتای ئەوەیە كەسێک هاتووە و سەری خستۆتە ناو ژیانی تایبەتی، كە هەمووماں دەزانین ژووری خەوتن ژوورێكی تایبەتیە و كەم كەس هەیە بتوانێ بەبێ ئیزن بچێتە ئەم ژوورە لە هەر ماڵێك، چونكە ژوورەكە پڕە لە نهێنی تایبەتی و كەسی خاوەن ماڵ، بەڵام ئەو واتە ئافرەتەكە یەكسەر دەست بە بەرۆكی خۆی وە

دەگرێت و سەیرێکی خۆی دەکات، لێرەدا چیرۆکنوس دەیەوێت شتێکی گرینگمان پێ بڵێ کە ئەم ئافرەتە بۆ سنگ و بەرۆکی خۆی دەگرێت لە کاتێکدا ئەو تەواوی جلەکانی لەبەرە، دەیەوێت بڵێت ئافرەتەکە وا دەزانێ ڕووتە چونکە کەسێک سەری خستۆتە نێو ژووری نوستنی ئەو واتە ناو نەخشە تایبەتیەکانی ئەو، بەڵام دواتر سەیری خۆی دەکات جلی تەواوی لەبەردایە،پەردەکە دادەخاتەوە سەیری هەموو کەلێن و کەلەبەری ماڵەکەی دەکات بەڵام هیچ شوشەی پەنجەرەیەک و قوفڵی دەرگایەک نەشکاون هیچ شوێنەوارێک دیار نییە کە دزێک هاتبێتە ماڵەکەی پرسیارێک لە لای ئافرەتەکە دروست دەبێت ئەی لە کوێوە هاتوون؟ بۆیە دەست بەجێ یەکەم کار، کە ئەم ئافرەتە ئەنجامی دەدات، دەست دەکات بە شوشتنی دەم و چاوی بۆ ئەوەی ماکیاژەکەی لا ببات ، چونکە ئافرەتانی ڕۆژهەڵات بە حوکمی ئەوەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی ئیسلامیدان بۆیە ماکیاژکردنیش بە حەرام دادەنێن بۆیە ئەویش خێرا ماکیاژەکەی لێدەکاتەوە نەکا ئەوان بەهۆی ئەم ماکیاژکردنەی سەرزەنشتی بکەن و بەو تاوانە لە کارەکەی دەریبکەن بۆیە دەڵێ: "قووتویەک سورا و سپیاو، فڵچەیەکی چووکە،سێ شوشە سوور، سەدەفی و کەسی و مانیکۆر، دوو قەڵەم ماتیکی گۆشتی، قەڵەمی چاو هەمووو ڕادەماڵێتە سەر گۆڤارێکی بیانی ژنان کە وێنەی مەلەکەی جوانی دنیای تێدا چاپ کرابوو، دەچێتە ئاشپەز خانە، غلۆری کردبوە نێو سەتڵی زبڵەوە"

واتە هەموو ماکیاژەکانی فڕێ دەدات لە ترسی ئەوەی ئەوان واتە (دەسەڵات) نەوەکو پێیبزانن، تەنانەت ترسی لەو گۆڤارەشی هەیە، کە وێنەی ئافرەتی نیمچە ڕووتی تێدایە ئەویش فڕێ دەدات، چونکە بەلای ئەوان ئەمانە هەموو شتی قەدەغەکراون، بۆیە ترسی ئەوەی هەیە ئەویشیان ببینێ بۆیە ئەویش فڕێ دەدات. سەیری کاتژمێرەکە دەکات نیو کاتژمێر تێپەڕیوە بەسەر کاتی کارەکەی، دووبارە سەرێکی تر دەکاتەوە نێو ژووری نوستنەکەی و چێشتخانەکەی بەڵام هەموو شت تەواوە و هەموو داخراون پەردەکە دادرا بووەوە، لەوێ لەسەر تەختەکەی دادەنیشێ زەنگی مۆبایلەکەی لێ دەدات، ئەم کارە زۆر توشی پەشۆکانی دەکات چونکە هەمووومان دەزانین (مۆبایل) شتێکی تایبەتیە ، حەوت زەنگ لێدەدات دواتر بێدەنگ دەبێت، ئافرەتەکە بەم کارە دەکەوێتە دوودڵی چونکە ئەو ژمارەی خۆی نەداوەتە هیچ کەسێک تەنانەت هاوڕێکانی کارەکەشی. هەرچەندە بیر دەکاتەوە کە ئەو ئافرەتێکی تەنیایە و کەسی نیە تەلەفۆنی بۆ بکات ئەی ئەوە کێ بوو زەنگی بۆ لێ دا؟

دەکەوێتەوە بیری تەنیا ژمارەی لای هاوڕێیەکی کوڕیەتی کە لەگەڵیدا کەوتبوە دڵداری و جار جارە قسەیان دەکرد و باسی خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر دەکرد ، وا بڕیار بوو ئەگەر بە یەکتر ڕازی بن کاتێک چاویان بە یەکتر کەوت کوڕەکە دەخوازێ. بەڵام ئەو هیچ کارێکی نا شەرعی ئەنجام نەداوە لەگەڵ ئەو کوڕە بەڵام دیسان لەخۆی دەکەوێتەوە شک و گومان بۆیە بەناچاری مۆبایلەکەشی لەناو دەبات و دەیخاتە ناو زبڵدانەوە. بیر دەکاتەوە دەبێ سەریان خستبێتە ناو چ شتێکی تری تایبەتی و شاراوەی ئەو، بۆیە دووبارە دەچێتەوە ژووری نوستنەکەی و ئەوجارە ((بەپەلە دەچێ و دەرکی گەنجەی لیباسەکا، دەکاتەوە و قوتویەکی چووکە لە تەبەقی بنەوەدا دەردێنێ بە قووتوەکەوە دەچێتە ئاشپەزخانە، شەمچەیەک هەڵدەگرێ بۆ مەبال. سەری قوتوەکە لادەبا. برێسکەیەکی لێ دەردێنێ. برێسکە بۆن دەکا. نێو سیەکانی پڕ بوو لە بۆنی نەرمی عەتری یاس. تاوێک بەسەر دڵیەوەی دەنێ. دەستی دەلەرزێ بەسەر دڵیدا شۆڕدەبێتەوە. نۆ لاپەڕە کاغەزی نوسراو یەک لە دوای یەک ئاوری دەدا. نۆ نامەی نۆ مانگ دڵداری سەرەتای بوو)) لێرەدا چیرۆکنووس ئاماژەی بە ژمارە (٩) دەکات واتە مەبەستی ئەو نۆمانگەیە کە ئافرەت منداڵ لە سکی خۆیدا هەڵدەگرێت، ئاوا ئەو نامانەی لەلای خۆیدا حەشاردابوو چونکە لەلای خۆشەویست بوون هی سەرەتای دڵداری و لاوێتی بوو، بەشێک بوون لە شتە نهێنیە پارێزراوەکانی تایبەت بەخۆی بەڵام ترسی ئەوەی هەبوو ئەوانەشیان ببینێت، چونکە خۆشەویستی لە وڵاتی ئێمەدا بۆ ئافرەت گوناهە و قەدەغەیە واتە ئافرەت ئەم مافانەشی پێ ڕەوا نابینن. بۆیە لە ترسان هەڵدەستێت ئەوانیش لەناو دەبات و دەیان سوتێنێ.

ئەو گۆڤارەی، کە وێنەی گۆرانیبێژی ئەمەریکی (ئیلیۆس پریسلی) لەسەر بوو ئەویشی خستبوە ناو ئاگرەکە لەپڕ دەریدەهێنێت و لایەکی سوتاوە و ڕەش بوە دەیداتەبەر ئاو ، چونکە ئەم گۆڤارەی لەلا زۆر خۆشەویست بوو، ئەو گۆرانیبێژە ئەمەریکیە بە خۆشەویستەکەی ئەو دەچوو بۆیە لە لای خۆی پاراستبوی بەڵام ترسا نەوەک پەیان بەم نهێنیەشی ببەن بۆیە سوتاندی، ڕەش دا گەڕابوو ڕەشی هەموو فەزای ماڵ و ڕۆحی داگیر کردبوو کە هەموومان دەزانین ڕەنگی ڕەش ماتەمینی و دڵتەنگییە، بۆیە پشوویەک هەڵدەکێشێت دوبارە دەچێتەوە ژووری نوستنەکەی لە نێو ژوورەکە زۆر بە دڵەڕاوکییەوە دێت و دەچێت و پەنجەکانی دەتەقێنێت و بیر دەکاتەوە ئاخۆ چ شتێکی تری نهێنی ماوە بچێت لەناوی ببات، لەژوورەکە چاوی دەکەوێت بە (تۆمارێکی کاسێتی) پلێکی پێدادەنێت و گۆرانی ((مەرابیوس، مەرابیوس، برای آخرین با)) پێدەبێت کە ئەو بیرەوەری لەگەڵ ئەم گۆرانیە هەیە کە گۆرانیەکە بە واتای "ماچم بکە " ئەم گۆرانیە یادگاری یەکەم ژوانی و کۆتا ژوانی ئەو بوە، کە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەچن بۆ باخی گشتی لەوێ گوێبیستی ئەم گۆرانیە دەبن هەردووکیان دوو بەستەنی (Ice Cream)یان لەدەست دایە و زمانی تێهەڵدەسون. چیرۆکنووس

دەیەوێت بڵێت ئەم گۆرانیە مەبەستی ئەوەیە کە ئەوان یەکتر ڕاموسن بەڵام لێرەدا چیرۆکنووس زۆر شارەزایانە(بەستەنی)یەکەی کردۆتە (ڕەمز) کە هەردووکیان زمانی تێهەڵدەسون وەک ئەوە وایە کە زمان بە یەکتردا هەڵبسون و دەم و لێوی یەکتر ماچ بکەن، چونکە ئەوان ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن لەبەر ئەو زەختە زۆرەی کە دەسەڵات و کۆمەڵگا خستویانەتە سەر دەروونی کچان و کوڕان وەک مۆتەکەیەک بەسەریانەوەبن، واتە چیرۆکنووس دەیەوێت بڵێت هەموو شت لە ڕۆژهەڵات قەدەغەیە تەنانەت ماچی عاشقانەی دڵدارانیش.

بۆیە کاسێتەکە دەردەهێنێت و پارچە پارچەی دەکات و دەیشکێنێت دەڵێت نەوەک بەو نهێنیەشیان زانیبێت و بەهۆیەوە سزابدرێت و لە کارەکەی دوربخرێتەوە. دیسان دەچێتەوە ژووری نوستنەکەی ئەمجارە بیر دەکاتەوە لەبەرامبەر کانتۆڕی جلەکانی دەوەستێت: ((مەمکەوان و ژێر کراسێکی پرتەقاڵی دەکەوێتە بەرچاو مێشکی خوکە دابوو. نێو جلەکان دەدۆزێ جلە ڕەنگەکانی ژێرەوەی، سەوزی خەیاری، سوور، پرتەقاڵی، لیمۆیی هەمووی جیا دەکاتەوە)) دووبارە دەچێتەوە چێشتخانە و هەموان دەخاتە ناو نایلۆنێکی ڕەش بۆ ئەوەی ئەوانیش لەناو ببات.

هەموومان دەزانین ڕەنگی ڕەش ئەو ڕەنگەیە کە هەموو شتێکی تێدا ون دەبێت بۆیە ئەویش دەخاتە نێو زەرفێکی تری ڕەش و لەناویان دەبات.

هەمووومان دەزانین کە جلەکانی ژێرەوە شتی تایبەتین، جلی ڕەنگاوڕەنگیش بۆ خۆشی و شاد و دڵخۆشیە ،بەڵام ئەم دەسەڵاتە و کۆمەلگای پیاوسالاری دژی یاخود دوژمنی خۆشی و شادی ئافرەتن بۆیە ئەویش بەناچاری ئەوانیش لەناو دەبات. بیر دەکاتەوە بزانێت چی ماوە لە شتە تایبەتیەکانی.

دەچێتە چێشتخانەکە، بەلام دەنگی چرکەی سەعاتەکە یاخود کاتژمێرەکە ئەوەندە بێزارکەرە وەک ئەوە وایە ناو مێشکی ئەو دەربهێنێت، بۆیە کاتژمێرەکەش دەهاوێتە ئاسمان و کاتژمێرەکە سەراوژێر لەسەر ((سەعات نۆ و نۆ خولەک و نۆ چرکە دەوەستێت)).

لێرەدا چیرۆکنووس ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم نۆ سەعات و نۆ چرکە و نۆ خولەکە واتای ، نۆ مانگی مندالّە لەناو سکی دایکی واتە ئەو ئافرەتە دەیەوێت زەمەن بوەستێ و سەر لە نوێ لەدایک ببێتەوە واتە ژیانێکی نوێی هەبێت، کە تەنها هی خۆی بێت و کەس پەی بە نهێنییەکانی نەبردبێت.

دەچێتەوە چێشتخانە و دەست دەکات بە ژماردنی شتە نهێنیەکانی خۆی (( جلە ڕەنگاوڕەنگەکانی ژێرەوەی، نۆ نامەی ئاشقانە، تەواوی گۆرانی "مەڕابیوس"، سورا و سپیاو ،گۆڤاری مەلەکەی جوانی، وێنەی قۆڵ ڕووت و سینگ ڕووتەکانی ،وێنەی ئیلیۆس پریسلی، کە شێوەی دۆستەکەی دەدا و شەوانە دەهاتە خەونی)) دیسان دەکەوێتەوە دڵەڕاوکێ هەموو شتەکانی لەناو بردووە، بەلام ناتوانێ خەونەکانی لەناو ببات.

کە ئەو کوڕەی بینیوە کە خۆشدەویست و شەوانە دەهاتە خەونی ، زۆر دەترسێ پەیان بە خەونەکانیشی بردبێت، چونکە لەم وڵاتە خەونیش قەدەغەیە بۆ ئافرەت، مرۆڤ نابێت بە هەوەسی خۆی خەون ببینێت دەبێت خەونەکانیشی بە هەوەسی ئەوان بێت. دەڵێت( موچرکی پێدادێت ، دەلەرزێت لە بەیاد هێنانەوەی ئەو شەوانە ، دڵنیایە دەبێ مردووی قەبرستانی کۆنی لێ زیندوو دەکرێتەوە دەرچوونی نەبوو).

واتە چیرۆکنووس دەیەوێت بڵێت بوختان هەڵبەستن و تۆمەت خستنە پاڵ ئەرکی ئەم کۆمەڵگا پیاوسالاری و دەسەڵاتە زاڵمەیە زۆر ئاسانە تۆمەتێکت بۆ هەڵبەستن و زیندانیت بکەن بە تۆمەتەی ئەوەی بڵێن هەموو مردووی قەبرستان تۆ کوشتووتە، واتە بوختان هەڵبەستان بۆ ئافرەت کاری زۆر ئاسانە بەلای ئەوان.

ئافرەتەکە دووبارە سەیرێکی خۆی دەکات تەواوی جلەکانی لەبەردایە بۆیە دەچێتە چێشتخانە و پەتێک هەڵدەواسێت بە قولابی پانکەی ژووری میوان و خۆی دەخنکێنێ واتە کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێ. هەمووومان دەزانین کە ئافرەت کۆتا بڕیاری بێ چارەیی ئەوەیە کە کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت ئەمە لوتکەی بێ دەسەڵاتییە، بەڵام دیارە ئافرەتەکە هیچ ڕێگاچارەی تری نەماوە و زۆر بێزاربووە بۆیە پەنا دەباتە بەر کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی چونکە هیچ شتێک لە ژیانی ئەو بە نهێنی نەماوە هەمووی ئاشکرا بووە، ژیان چ خۆشییەکی هەیە و چ کەڵکێکی هەیە بۆ مرۆڤ کە نەتوانێت خاوەنی نهێنی کەسی خۆی بێت بۆیە دەڵێت مرۆڤ تا کەی دەتوانێت وەک خۆی بێت.

**ئەنجام**

بەهۆی ژێردەستەیی و نەبوونی قەوارەی سەربەخۆی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر ناسنامەی نەتەوەیی دەبێتە گوتاری زاڵی دەقەکانی چیرۆکەکان بەگشتی، کە ئەو ناسنامەیە لە دەرەوەی دەقدا لە هەڕەشەی سڕینەوە و توانەوەدایە.

ڕەنگدانەوەی بنەماکانی هیومانیزم لە چیرۆکەکان بەگشتی کێشەی ئافرەت بەتایبەتی بەشێوەیەک ڕێکخراوە، کە دەنگی ئافرەتەکان لە هەناوی لێبوردەیی و مرۆڤدۆستی و یەکسانی ڕەگەزییەوە ڕێ دەکات، کە ژنەکان لەلایەن پیاوانەوە ناڕەوایی و زوڵمیان لێکراوە و چەوسێنراونەتەوە. پاڵەوانە ئافرەتەکانیش هەڵقوڵاوی ئەو فەرهەنگە دواکەوتوەی کۆمەڵگاکانن، کە هەمیشە ژن قوربانیدەر و پیاوانیش هەر براوەن.

بزاڤی هیومانیزم لە ڕەهەندە مێژووییەکەیەوە، وەک هێڵێکی دیاریکراو بە تەواوی مەزهەبە باو و ئایدۆلۆژیا ئاینیەکاندا تێکەڵ بووە، لەلایەکی تریشەوە وەک ڕەوتێکی سەربەخۆش هەر ماوە و زیاتر مرۆڤگەرایی بۆتە پرسێکی زیندوو، کە پێویستی بە ڕەچاوکردن هەبووە، چونکە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان هەژمونی مرۆڤ بەسەر جیهاندا و کردنەوەی دەروازە پەنهانیەکانی زانست بەڕووی عەقڵی مرۆڤدا تێکڕا هەموو ئەم پاڵنەرانە هەموو کات زیاتر پرسی مرۆڤگەرایی وروژاندووە.

باوەڕبوون بە کۆمەڵگایەکی کراوە و فرە ڕەگەز.

باوەڕهێنان بە عەقڵ وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت لە ژیانی کۆمەڵگەدا.

پابەند بوون بە جیاکردنەوەی ئاین لە دەسەڵات.

**سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی:**

ڕەسول،عیزەدین مستەفا (1975)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢ ، بەغدا.

هایدگەر، مارتن و میشێل فرانک، ریچارد نورمان( 2018)،هیومانیزم،و: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل و کارزان کاوسێن و ئەردەلان عەبدوڵڵا و ماجید خەلیل. دەزگای ئایدیا بۆ لێکۆڵینەوە، سلێمانی.

**بە زمانی عەرەبی:**

ابراهيمي، سعد( 2017 )،البعد الإنساني في روايات نجيب الكيلاني، رواية قاتل الحمزة نموذجا، ، جزائر.

هريري،صلاح أحمد(1994 )،تأريخ اوروبا الحديث، دار الوفاء للطباعة والنشر، مصر.

يوسف، حمزة فاضل(1998 )، الحركة النقدية للقصة القصيرة في العراق، "1968-1980" ، بغداد.

صالح، عاصم محمد (1980)، الفكر السياسي القديم، مصر.

، بلوغ، أرنست(1980 )، فلسفة عصر النهضة، ت: إلياس مرقص، دار الحقيقة للطباعة والنشر، بيروت.

صالح، هاشم( 2015 )، كيف نشأت النزعة الإنسانية في الفكر الاوروبي؟ العودة الى التراث الأغريقي والروماني،القاهرة.

هيريك، جيم ( 2016 )،مدخل الى النزعة الإنسانية، مصر.

العجيلي، محمد( 1999)، مفهوم النزعة الإنسانية، مكتبة المكتبة ابوظبي.

النزعة الإنسانية الجذور و المنطلقات، 2018، مصر.

مهدي،عبير سهام(2017 )،النزعة الإنسانية في الفكر العربي المعاصر، مجلة العلوم والأبحاث السياسية، العدد، 35، العراق.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

An Introduction to humanism, Jim Heerich – Publisher, London, 2005.

F. Bacon, Lanovurelle Afantid, Flammarion, California, 2000.

History of modern philosophy, hoffding, London, 1956.

The Philosophy of humanism – by: Corliss Lamont, London, 1949.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

نیعمەتپوور، فەروخ (2006)، ژمارە حەوت، (چیرۆک)، گ. ڕامان، ژ: 113.

وەحیدی، ناصر (2009)، مرۆڤ تا کەی دەتوانێ وەک خۆی بێت، (چیرۆک)، گ. ڕامان، ژ: 145.

**سایتە ئەلیکترۆنییەکان:**

1. (www.alnaked-aliraqi.net)
2. http:/www.Renaissance/history.com
3. Humanism is eight letters no more. (www.iheu.org/iheu-membership)
4. What is humanism? (http://www.commonse-humanisme.com)
5. www.arabency.com
6. ماذا تعرف عن الإنسانية، سناء دويكات (http://www.mawdooh.com)
7. وفاء العابور (www.maktaba-ama.com)

**انعكاس النزعة الإنسانية في القصة الكردية - شرق كوردستان**

**ريزان محمد غفور**
قسم الكردى/ كلية التربية / جامعة صلاح الدين-اربيل
rezan.ghafour@gmail.com

**هيمداد حوسين بكر**
قسم الكردى/ كلية التربية / جامعة صلاح الدين-اربيل
Hemdad.bakir@su.edu.krd

**ملخص**

هذه الدراسة الموسومة بـ (انعكاس النزعة الإنسانية في القصة الكردية - شرق كوردستان). فهي دراسة وصفية -تحليلية حول تجليات الأبعاد الإنسانية في القصة الكردية في شرق كوردستان، يتكون الدراسة من مقدمة وفصلين.

يتكون الفصل الأول: المفهوم والمصطلح وتأريخ مفهوم النزعه الإنسانية و ظهورها عبر التاريخ وأهم خصائصه. والفصل الثاني فصل تطبيقي على القصة الكوردية في شرق كوردستان. وفي النهاية توجد النتائج التي وصلت إلينا بالثبات.

**كلمات دالة:** الانسانية, قصة كردية, قصاصي الشرق.

**The human concept and its impact on the Kurdish story in eastern Kurdistan**

**Rezan Muhammad Ghafour**
Kurdish Department/ College of Education /
Salahadin University-Erbil
rezan.ghafour@gmail.com

**Hemdad Hussein Bakir**
Kurdish Department/ College of Education /
Salahadin University-Erbil
Hemdad.bakir@su.edu.krd

**Abstract**

This study, tagged with (the human concept and its impact on the Kurdish story in eastern Kurdistan), is a descriptive-analytical-historical study, on the manifestations of the dimensions of humanity in the Kurdish story in eastern Kurdistan. It consists of an introduction and two main chapters.

We covered the following topics in the first chapter: the concept, term, and history of humanity, the processes of humanity's emergence across time, and the most essential characteristics of the humanism tendency. The second chapter, which has revealed the aspects of humanity in the Kurdish story in eastern Kurdistan, is the most applied. Finally, there are the results that have consistently reached us.

**Keywords:** Humanism, Kurdish Story, Eastern Storytellers.